فوئاد حوسێن لەگەڵ بریکاری وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا دانووسی پارەکانی ئێران تاوتوێ دەکات

فوئاد حوسێن لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا سەردانەکەی سوودانی بۆ واشنتن و لەگەڵ بریکاری وەزارەتی گەنجینەی ئەو وڵاتەش شوازی دانووسی قەرزی ئێران تاوتوێ دەکات.

بەگوێرەی راگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ڕۆژی 22ی ئاداری 2024 فوئاد حوسێن، جێگری سەرکۆزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق کە ئێستا بە سەرکایەتیی شاندێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لەگەڵ جێیک سوێیقان، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا کەبووەو و باسیان لە ئەنجامەکانی لیژنەی باڵای سەربازیی نێوان هەردوو وڵات، دەخی ئەمنی و ئابووریەکان کرد.

وەزیری دەرەوەی عێراق سوپاسی حکومەتی ئەمریکای کرد کە دەستی بە ئامادەکاریەکان کردووە بە سەردانی محەممەد شیاع سوودانی و شاندی یاوەری لە نووەاستی مانگی نیسانی داهاتوودا، کە تێیدا باس لە کەمەک بابەتی هاوبەش و تایبەت دەکرێت لە بوارەکانی وزە، ئابووری و رووبەووبوونەوەی تیرۆر.

راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا ئاماژەی بە گرنگیی سەردانەکەی سەرکۆزیرانی عێراق کردووە،

بەتایبەتی لەم کاتەدا، ئەوەش بە پەرەپەدانی پەیوەندی هەردوو وەڵات و پشتیوانیی عەراق لە بوارە جیاوازەکاندا.